# لەڕوانگەی یاسا جیهانیەکانی پەنابەران وپەیوەندی نیوان بیانییەکان وهاوڵاتیانەوە لە پەیوەند بەئایندەی هەڵبژاردن و کێشەی پەنابەران

**جەمال کۆشش**

14.11.2009

**پێشەکیەکی گشتی**

زۆر ژانر و نۆرم ورەگە هەن ئاستی تیگەیشتن و مامەلەی ئینسانی کۆمەڵگاکانمان بۆ بنوێنی. ووتە بەناوبانگەکەی ئەنگلس (( ئازادی ژنان، پیوەری ئازادی کۆمەڵگایە)) یەک لە رووکارە هەرە بەرجەستەکانی ناشرینی و نائینسانی بوونی کۆمەڵگای کوردستانی عیراق دەنوێنێ. جۆری مامەڵەی دەوڵەتەکانی جیهانی ئەمڕۆش بەتایبەت دەولەتانی ئەوروپا وئەمەریکاو ئوسترالیاو کەنەدا، لەگەل پەنابەران، کۆچبەران، یاساکان ومافەکانیان ، مامەلەی پۆلیس و دامودەزگاکانی دەولەت لەگەلیان هەڵگری ئەو دیدگا و تێڕوانینەیە دەربارەی ئینسان و بایەخ و جێگاوڕێگای ئینسان لە سیستەمی دەولەت و بەشەکانیدا. ئەم سیاسەتەیان کە لە بواری بیانیەکاندا پەیڕەو دەکرێت، هەقیقەتی تالی دوور نەکەوتنی ئەو دەولەتانەمان لەمۆراڵ و یاساکانی جەنگلستان بۆ دەردەکەوێت.

تیروانین بۆ دەربەدەر، بۆ پەنابەر، بۆ کریکاری کۆچکردوو، بۆ ئەوکەسانەی کە بەهەرهۆیەکەوە بیت ژیان بۆ ماوەیەک یان تا سەر لە سنووری جوگرافیایەکی سیاسی تر دەکەن ، بەبەردەوامی وبەدرێژایی مێژوو بەرەیەکی نەبەردی نیوان کۆنەپەرستان و پیشکەوتنخوازان بووە. لە یاساکانی ئارنوشی پیش حامورابی یەوە تا شۆڕشی گەورەی فەرەنسا. لە بەندی 7 شۆڕشی فەرەنسادا دەلیت هەموو کەس مافی هەیە کە لەسەر خاکی فەرەنسا بژێتت. لە دەولەتی کۆمۆنەی پاریسدا ، لە یەکیک لەبەندە پەسەندکراوە بنچینەییەکانیدا دەلێت (( لەسەر دەوڵەت پیویستە کە پاریزگاری لەو کەسانە بکات هانای بۆ دێنن.... ))وە لە دەستووری سویسرا داهاتووە کە هەموو ئەو کەسانەی کە لەسویسرا دەژین پیویستە ((خواردەمەنیان، تەندروستیان، جیگەڕیگەیان بۆ دابین بکریت)). ئەم تیروانیە وهەولانە بەدریژایی مێژوو شەقلی داوە بە ئینسانیەتی کۆمەڵگاو بەرەوپێشبردووە، ئینسانیەتی ئینسانی لە کۆمەڵگادا، لە ڕەوشتیدا، لە یاسادا، لەهەلسوکەوتی ڕۆژانەیدا لەبەرامبەر غەریبدا و کەسانی تاراوگە نشیندا بەرزکردۆتەوە. ئەم لایەنە دەتوانێت حەقیقەت و ناوەڕۆکی خودی کۆمەڵگامان بۆ دەربخات، دونیابینی و ژیاندۆستی و شارنشینی ومەدەنیەتمان بۆ دەرکەوێنی. ئینسانمان لەناسنامە دەرەوەییەکان و جوگرافیەکان وکۆنەکان بۆ دابماڵیت و ناسنامەیەی سەردەمی نوێ و هاوبەش و بەرهەمهاتووی ئایندەمان پێبدات. کۆمەڵگا چەندێک هەنگاو دەنیت بۆ کرانەوە بەڕووی دەرەوەدا، بەڕووی ئەوانی دییدا، چەندێک ماف وئەرکەکان بەسانایی و ئەوپەڕی بۆ ئەندامانی تازەی خۆی جێ بکاتەوە، ئەوەندە ئەندامانی تازە وکۆن پەیوەندییەکی خۆرسکترو ئاسانتر پەیدا دەبیت لە نیوانیان. ئەم چاوە، چاوی تەماشاکردنی ناوەوەیە بەر لەوەی سەرنج بی لە دەرەوە. ئەم بابەتە نیشانەی پێگەیشتنە لە ئینسجامی ئەندامانی کۆمەڵگادا.....وهتد

**هەڵبژاردنی عیراق وکێشەی پەنابەران**

ئەگەر لەسەر ئەوە کۆک بین کە مەوقعی ئینسانی غەریب ، پیوەری ئینسانیەتی کۆمەڵگایە.وە بەم پیوەرو کێشانەوە هیزەکان لە تەرازووی مێژوویيدا هەلسەنگێنین ، ئاسۆیەکی دی دەکەینەوە بۆ ژیری وهۆشیاریمان . بابەتەکەش هیچ پەیوەندیکی بە ڕۆژگارو بەبەرژوەندخوازییەوە نیە. بە کەمپینی هەلبژاردن و دەنگ کۆکردنەوە وبەلایەنگیری لە لیستە جیاوازەکان نیە. وە تەنانەت لە بازنەیەکی بەرتەسکیشدا هیچ پەیوەندییەکی بە تاکی

پەنابەرانیشەوە نیە، چونکە لە بنەڕەتدا نامەوێت ئەم ووتارە ئەو لێکدانەوە سادە وساکارە تەبلیغییەی بۆ بکرێت و لە ناوەڕۆکی مەبەستی سەرەکی و ئامانج و بەرپرسیارەتی دوورکەوێتەوە ولەپرسیارە جەوهەرییەکان خۆ گیل بکات.گۆڕینی لە پێشەوەی ئەم ووتارە بۆ ئەوەی هەموو ناوکەکانی لەگیرفاندایە و هەموو کۆدەکانی زانراوو دەستەکەی کەشفە، مانای ئەوەیە کە تۆ مەبەستت ئەوەیە وێنەیەکی نادروست و نەخوازراو بەسەرمدا ساخ بکەیتەوە، دەتەویت و چاوەڕی دەکەیت کە هەر من زارم کردەوە تۆ وێنەیەکی حازر بەدەستت هەیە لەسەر من و بۆچوونەکانم. ئەم نابینابییە ئاکامی کینەیە و هەرئەوەندەش نا نابینابییەکەی بەسادە ئەندێشیەک دەشاریتەوە لە کاتیکدا لە هەلومەرجێکی بابەتیدا پەیوەندە بە ڕەوەندی کیشمەکێشە فکری و سیاسیەکان لەسەر ووردو درشتی تەعامول و بایەخی ئینسانی بیانی لە کۆمەڵگادا. پرسیارە جەوهەرییەکە ئەمەیە:

هەڵوێستی فیدراسیۆن و هەلسوراوانی بواری پەنابەری لە ئاست ئەم هەڵبژاردنەدا دەبیت چۆن بێت؟ چ کاڕیک دەکەوێتە بەردەم ئەم فیدراسیۆنە؟

من ئەمە تەنها بۆ چوونی خۆمە ودەمەوێت سەرنجی هەلسوڕاوانی مەیدانی کاری پەنابەری بۆ ڕابکێشم و گوزارشت لە بۆچوونی تایبەتیم دەکەن.

توێژینەوە لە مێژووی هەلسوکەوتی هێزە سیاسیەکانی عیراق لەبەرامبەر بیانیەکان و خویندنەوەی بەرنامەیان، لەگەڵ بێبڕوایی و مۆرکی دواکەوتوانەو دوژمنانەو بەرژوەندخوازی ڕووبەڕوودەبینەوە.

لەلای حزبی بەعس، ڕەوایەتی بوونی ژیانی کەسانی بیانی لە چوارچیوەی سەرزەمینی عیراقدا لە پیویست بوونە ماتریالیەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە. یانی ئەوە حکومەتی بەعس بووە کە بەکارییهناوە نەک بیانییەکان بن داڵدە درابیتن. هەرکات ئەو کەسانە وئەو کەسە بەکەڵک نە مابیت،وەک هەر مەتریاڵیکی دی دەچیتە دەرەوەی بەکارهیناوە وفڕدراون. پەنابەرانی فەلەستینی وکریکارانی میسری و سودانی و پەنابەرانی ئیرانی وموجاهیدینی خەلق لە خزمەت پرۆژە سیاسی و ئابوورییەکانی حزبی بەعسدا بوونەو کەوتونەتە نیو پایەکانی سەقامگیری دەسەڵاتی بەعس و هەمیشەش چاوی گوماناوی هەلس وکەوتی ناجۆریان لە سەریان بووە. دەتوانریت بووترێت ئەمانیش بەشیک بوون لە ستەملێچوانی دەستی حکومەتی بەعس یان فریوخواردوانی هەمان سیاسەت.



خێزانیکی فەلەستینی پەنابەر لەعیراقدا لە کەمپی حەوشی سەر سنووری سوریا

حکومەتی ئیستای مالکی و هێزە پێکهینەرەکانی ، لەبەرامبەر پەنابەرانی فەلستینی و موجاهیدینی خەڵکدا لەماوەی ئەم 5 ساڵەدا خوێناویترین کارەساتیان خولْقاند و نائینسانیترین شێوازی چارەسەریان بەکاربرد. پەنابەرانی فەلەستینی کە بەشیکیان نەوەی سێیەمیان ڵیکەوتۆتەوە، کەوتنە بەردەم شاڵاوی ڕفاندن وتۆقاندن وکوشتنەوە لەلایەن بالی چەکداری شیعەی سیاسی سەدرو مالکی وئەلحەکیمەوە . مەگەر تەنها بەروارد بکریت

بەهێرشی ئیسرائیلیەکان بۆ سەر فەلەستینەکان لە غەزەدا. لەماوەیەکی کورتدا هەموویان تا سەر سنوورەکانی ئوردن و سوریا ڕاونا و دەربەدەر ومالۆێران لەکەمپی ئاوارەیدا گیرسانەوە. نموونەیەکی زیندووتر گەمارۆدانە سەربازییەکانی کەمپی ئەشرەفە لەلایەن سوپای عیراقەوە. لەو کێشمەکێشەدا کەتا ئێستاش درێژەی هەیە 11 کەس کوژراون لە ئەندامانی موجاهیدینی خەڵک، وە پاش نزیکەی دوو مانگ مانگرتن لەخواردن ئەو 53 کەسەی کە گیرابوون و ڕەوانەی بەغدا کرابوون ، پاش گووشارێکی گەورەی جیهانی توانران ئازاد بکرێن. بەلام حکومەتی عیراقی هەروا گەمارۆکەی لەسەریان هەڵنەگرتووە و ئەگەری پەلاماردانەوەو وەتەسلیمکردنەوەیان بە کۆماری ئیسلامی ئیران کراوەیە.

هەمان میتۆدی بەعس لە سیاسەتی هەلسوکەوت لەگەل بیانیەکان و پەنابەران لەلای تەواوی حزبە بالادەستەکانی عیراقەوە بەکاردەبریت. بە سیاسەتی یەکیتی و پارتیشەوە. وە تەنانەت لەگەل خەلکی پارچەکانی تری کوردستاندا. یەکیک لەڕەشترین خاڵەکانی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان تەسلیمکردنەوەی ئەو کەسانەی ئۆپۆزسیۆنەکانی دەولەتەکانیان و پەنایان بۆ ژیر دەسەلاتی پارتی هیناوە یان پارتی لە موئامەرەیەکی چەکداریدا دیلی کردوون و دراونەتە دەست جەلادانیان . من بروام وایە ئەگەر عبدالله ئۆجەلان لە کوردستانی عیراق بوایە تەسلیم بەتورکیا دەکرایەوە. لەماوەی 18 ساڵی دەسەلاتی یەکیتی وپارتی نزیکەی 400 کەس لە پەنابەرانی ئیرانی لەعیراق تیرۆرکراون.

پەنابەرانی ئیرانی لەکوردستانی عیراقدا، جگە لەوەی لە کەمترین بیمەی خزمەتگوزاری بێ بەهرەن، بەڵکە لە بەرامبەر پاراستنی گیانیاندا ، حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمترین ڕێونینی نەداوە. لەبەرامبەر کرێکارانی بەنگلادشیدا و خزمەتکارە (کریکارانی نیومالّ)) ئەسیوبیەکاندا، بەکەمترین هەقدەست، بەبی بیمەی کۆمەلایەتی و یاسایی، دەرەتێرێن. لەگەڵ دانیشتوانی ناوەراست و خوارووی عیراق کە ئاوارەی کوردستانی عیراق ببوون. لەگەل ڕیگری یاسایی و ئیهانەو سووکایەتی بەرەو ڕوو دەبوون.

هەموو ئەو خاڵانەی کە لێرەدا هاتوون(( کوشتن و ڕاوەدوونانی پەنابەرانی پەنابەرانی فەلەستینی و ئیرانی وموجاهیدینی خەڵک لە لایەن باندەکانی حکومەتی مالکیەوە، مافیاکانی ڕەوتی سەدرەوە، تیرۆری پەنابەرانی ئیرانی لە کوردستانی عیراق، مامەلەی خراپ و نائیسانیانەی دەسەلاتی پارتی ویەکیتی لەبەرامبەر کریکارانی بیانی و ئاوارەکانی ناوچەی خوارو وناوەڕاستی عیراق )) لە زۆربەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە جیهانیەکاندا هاتووە لە ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنال و هیومەن ڕایت وۆچ و کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی ڕیکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا.

ئەم دیوە دزێو و ناشرینەی کە داشۆراوە لە شەقڵ ومۆرکی سەرەتایی و بنچینەیی دیدی ئینسانی، هەر تەنها پەیوەند نیە بە سیاسەت و تەعامولی هیزەکان لەگەل بیانیەکان و پەنابەران. ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە تەواوی پەیکەرەی سیاسی و عەمەلی ورۆشنبیری هیزەکان لەگەل جیگەوڕیگەی ئینسان دا. لە فەرهەنگیاندا پاکتاوکردن و چەوسانەوەو ڕەتاندن و کۆیلایەتی جێگای گرتووە لە بری ئینسانیەت و مافەکان و یاساکان و بیمەکان.

پەنابەێکی عیراقی لە ئوردن



پەنابەێکی عیراقی لە ئوردن

دیویکی تری ڕوانینە بۆ ئەو هاونیشتمانیانەی کە بەهەر هۆیەکەوە بوو بیت ئیستا لە دەرەوەی سنوورەکانی عیراقدا دەژین. ئەم جەماوەرە وەک لە هەندێک سەرژمێری تازەدا هاتووە نزیک بە 10% یانی نزیک 5 ملیۆن کەسن. پیم وانیە هیچ کەس گومانی لەوە هەبێت کە هەڵاتن و ئاوارە بوونی ئەم جەماوەرە، ڕاستەوخۆ ئاکامی سیاسەت وشەڕە خوێناوی وپلانی ئاینده ترسناکەکانی ئەو هێزانە بوون. هۆکارەکانی ئاوارەبوون هەرچەند هەمەلایەنەش بن، بەڵام هەموویان بەرئەنجامی پراتیکیکی سیاسی  نا ئینسانی وزاڵمانەیە کەئەو هیزانە لە کۆمەلگادا ئەنجامی دەدەن. ئەم هێزانە ئەم جەماوەرەیان وەک میگەل ومولک و سەروەتی خۆیان تەماشا دەکەن، وەک ئادات وئامرازی جەنگی لە عەمبار داخستووە. کەمترین هەست بە بەرپرسیارەتی  لەهەمبەر تراژیدیا و ئازارەکانیان نانوێنرێت. پەنابەرانێک کە ناچار بەگورجیلە فرۆشتن دەبن، بەلەشفرۆشی دەبن، دزی دەکەن، نەخۆش دەکەون، سەدان ناسۆری تر، ئەم هیزانە دەیانەوێت وەک کارتێکی بازرگانی لە نیو کۆڕو کۆمەلە نێونەتەوەییەکاندا بەدەستیانەوە بێ.

نەوەیەکی لاو کە خۆیان گەیاندۆتە ئەوروپا، لەگەل مەسەلەیەکی نوێ دەرگیرن، بابەتی گەڕاندنەوەی بەزۆری پەنابەران کە داوای مافی پەنابەرییان داخراوە. ساڵانێک لەمەوبەر ئەم مەسەلەیە بەچەندین هۆکار زیاتر بابەتیکی پروپاگەندەیی ئەوروپا بوو بۆ کەمترکردنەوەی ژمارەی رووکردنە ئەوروپا بەڵام لەبارەی عەمەلیەوە دەستی بۆ نەدەبرا ویان ئیمکانی جێ بەجێ کردنی نەبوو. بەڵام ئیستا ئیدی ئەم بابەتە تەواو لە فۆرمی پرۆتۆکۆڵی فەرمی و ئاستی سەرەک وەزیران ووەزارەتی دەرەوەو ناوخۆ وکۆچدا ئیمزا کراوە.

ئارەزوو دەکەم خاڵیک کە بەلای منەوە گرنگە روونتر بکەمەوە، مەسەلەی ئەوەی ئەم هیزانە هەن لە ئەورووپاو بە شیوازی جۆراوجۆر چالاکی سیاسی دەکەن،بەڵام نەک تەنها ئەمڕۆ بەڵکە بەمیژووی سیاسیان هەلسوراوی مافی پەنابەری نەبوون، چونکە لە بنەڕەتەوە ئەم ماف و ڕیز ویاساو بەرپرسیارەتیە هی ئەوان نیە ولەگەل فەلسەفە و بیچمی فکری وسیاسیاندا نایەتەوە. ئەوان نامۆن بە مەدەنیەت، بەدیموکراسی، بەژیان و بەماف وبەسەروەری ئینسان. دڕدۆنگ وناتەبان  بە مەیلی ئینسانی و بە نەرمی. کێشەی پەنابەران وبیانیەکان پەیوەندییەکی قووڵی بە دیدگای ئینسانەوە هەیە  بۆ ژیان وبە جوانترکردن وباشترکردنی ویەکسانیکردنی هەموانەوە هەیە، لە دژی چەوسانەوەو ستەملیکردنەوە هەیە. پەیوەندییەکی قووڵی بە تیروانینی پیناسەی ئینسانەوە هەیە لەسیستەمی فکری دا. ڕۆدەچیتە هەموو بواریکی کۆمەڵایەتیەوە تا مافی هاوڵاتیبوون وبەهرەمەند بوون لە تەواوی ئەو دەستکەوتانەی کەلەو کۆمەڵگایانەدا بەدەست هینراون. کیشەی پەنابەران و بیانیەکان بەگشتی لە ئیستای کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەتەواوی بەستراوەتەوە بە بونیادو تەوەرە سەرەکیەکانیەوە، وە تەواوی لایەنەکان لەسەر ئەم خاڵە دەبن بە دوو پۆلی جیهانی یەوە. بەرەی بەرگری لە پەنابەران بە بوعدو ڕەوەندە ڕەنگاو ڕەنگ

وجیاوازەکانەوە ، وە بەرەی سەرکوت وزیندان و دیپۆرت وبەرتەسککردنەوەی مافەکانیان، کریکانیان، هاوڵاتی بوونیان...هتد.

تشتێکی نوێ لەئارادا نیە،بەمانایەکی بەرتەسک ئەگەر لەوە بکۆڵینەوە بۆ ئەم هێزانە هەلسوڕاوی مافەکانی پەنابەران نین تەنانەت بۆ ئەندام ولایەنگری خۆیانیش. من هەرگیز وەک هەڵسوڕاوێکی کۆمۆنیست لەگەڵ ئەو بۆچوونەش نیم کە ئیمە لەو بوارەدا نابێت وەک کۆمەڵە خیرخوازییەکان کار بکەین. ئەم بوارە ئەوە کۆمەڵە خیرخوازییەکانن کەلینیکیان تیا دۆزیوەتەوە بۆ زاڵکردنی ئیدیایەکی میهرەبانانە، دەنا ئەوە ئەرکی ئیمەیە کە لە باشترکردن وجوانترکردن و کەمکردنەوەی مەینەتیەکانی پەنابەراندا دریخی نەکەین  کە بەڕاستی نەمانکردووە. هەموو ئەو هەلسوراوانەی کە لیبڕاوانە ئەم ئیشەمان بۆ خۆمان بەهۆشیارانە هەڵبژارد یان ڕێککەوت ڕێگامان هاتەوە سەری.

ئەو شتەی کە تازەیە لەم نیوەدا، ڕووداوێکی ترە کە جیگای بایەخی سەرجەم پەنابەران و ئیمەشە. مەسەلەی هەڵبژاردنی عیراق و تەواوکردنی پرۆسەی ڕێککەوتنامەکان بۆ گەڕاندنەوەی بەزۆری پەنابەرانە.

دەوڵەتی عیراق، پرۆسەیەکی تر تەیدەکات لە شەرعیەت وەرگرتنی نیونەتەوەیی و ئاکامی هەڵبژاردنەکان هەرچیەک بن، تەقینەوەکان زیاد بن یان کەمتر،جەیشی ئەمەریکی بکشیتەوە یان نەکشێتەوە، بواری سەقامگیری و دابینکردنی ئاسایش وزیندەگی بەرەو هەر ڕواڵیکی تر بڕوات. تێهەڵچوونەکان و توندوتیژی بەرتەسکببنەوە یان فراوانتر ببنەوە، هەلومەرجی مافی مرۆڤ و ئازادیەکان خراپتر یان باشتر ببن ، دەوڵەت وپەرلەمانی عیراقی 2010 ئیدی دەوڵەتیکە لە فامیلی گەورەی بۆرژوازی جیهانی و کێشە نیوخۆییەکانی نابێتە بابەتی هیچ ریزبەستنیکی تری ناوەندو پۆلە جیهانیەکان. من لە ووتارێکی ترمدا ((پۆست سیناریۆی ڕەشدا))، کە حکومەتی مالکی تازە پێکهاتبوو، لە کۆتایهاتنی دەورەی سیناریۆی ڕەشم  بۆچوونم دابوو ، نەک بەمانای کۆتایی هاتنی سیناریۆی کوشتارو جەنگە نیوخۆییەکان ، بەڵکە بەمانای جێگیربوون و داسەپاندنی دەولەتی جیخواستی ئەمەریکا ولەخەمدەرچوون و پێگەیشتنی دامودەزگای دەولەتی نوێ.  ئەم هەڵبژاردنە گۆڕەپانی جیهانی دەرەخسێنی بۆ دەولەت و پەرلەمانی 2010.  ئەگەری ئەوە هەیە پرۆسە نیوخۆییەکانی هێزەکان بۆ چەند پێکدادانی چەکدارانەی بەرتەسک و شارۆچکەکان و بۆ ماوەیەکی کورت بگرێتەوە، ئەمە هیچ کاریگەریکی لەسەر گشتیەتی پرۆسەکە نابێت ودەوڵەتانی جیهان بەلێشاو بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرۆک کۆمارەکان دەنیرن. جیهانی ئەمرۆی بۆرژوازی، ڕاهاتووە بە چەوسانەوەو کوشتارو تەقینەوەکان وپاکتاوکردن. ئەوان، وە بەتایبەت بۆ ئەوروپا کە بەشدارییەکی گرنگی لە چارەنووس و شێوەی دەسەڵاتدارەتی لەعیراقدا بۆ هەڵنەکەوت، هیچ لەوە بەبەرهەمتر نیە کە شەرعیەت و رەوایەت وپەیوەندی دۆستانەو هاوکاری لۆجیستی و ئینفۆرماتیکی بداتە دەولەتی هەڵبژیردراوی نوێی عیراق.

ئەم هەڵبژاردن و پرۆسەیە کاریگەری گرنگ و جددی لەسەر تەواوی کێشەی پەنابەرانی عیراقی لە جیهاندا دادەنیت. دەولەتانی ئەوروپاش زۆر لێهاتوانە، بەر لەهەموان لە دەست ئەم کێشەیە خۆی قوتار دەکات. هەڵبژاردن مۆری ئاسایش بوونی تەواوی سەر زەمینی عیراق لە یەک بەیەکی دۆسیەکانی پەنابەران دەدات. وە بەشوێن رەدی نەگەتیف، تەرد، زیندانی و بەلێشاو دیپۆرتکردنەوە  دەستپێدەکات. ئەم پراتیکە لەماوەی 6 مانگ بۆ یەکسالی دی دەخایەنیت.

ئیمە وەک فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی، بەو هەولاّنەی کە تا ئیستا بوومانە ناتوانین بمانباتە نیو کیشە گەورەکانەوە. ئیمە زۆر ڕۆشن و ڕاشکاو دەبێت پراتیکیکی دیاریکراوو ئامانجدارامان روو بەهەڵبژاردن هەبیت ، وە روو بەو مەیدانارییەی دەولەتی نوی، سیاسەتیکی دروست و ئینسانی پەیرەو بکەین.

دەوڵەتی دوای هەڵبژاردن، هیچ ماسکێکی پیویست نیە، شەرعیەتی بالای نێونەتەوەیی هەیە، دانپییانراوەوو موعتەبەرە لەلایەن کۆڕکۆمەڵە نێونەتەوەیییەکانەوە، فڕۆکەخانەی هەیە، سەفارەتی هەیە، وەزارەتی هەیە...ماسکی پێویست نیە بۆ هەر کردەوەیەک بیکات. دەوڵەتی نوێی عیراق بەئاشکرا لەگەڵ دەولەتانی جیهاندا و وەتەنانەت یوئین یشدا هەموو بە ئاشکرا هەولّی گەڕاندنەوەو ئاساییکردنەوەو دابەزینی ڕیژەی هەڵاتوانەوە دەدات. دەوڵەتانی ئەوروپا، گوشارێکی توندو فراوان بۆ ملدانی پەنابەر بە گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە دەست پێدەکات، وە بڕی پارەو کارئاسانی و پرۆژەی جۆراجۆر بۆ گەڕاندنەوەی پەنابەران و دووبارە دامەزراندنەوەی لە عیراق بە فراوانی و یەک ئاراستە برەوپێدەدەن. لە دوای 6 مانگی داهاتوو بۆ کۆتایی ساڵ، ئەگەری ئەوە هەیە،جۆرێکی وەک پەنابەرانی ئەلبانی و کۆسۆڤۆ لەلایەن سویسراوە، یان بۆسنەییاکان لەلایەن ئەلمانیاوە بەکاربەربهینرێتەوە. ڕێککەوتننامەکان و پێکەوەکارکردن و تەواوکردنی پرۆسەی بەزۆر گەڕاندنەوەی پەنابەران لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپا - دەولەتی عیراق بەئاکام دەگات.

**من هەوڵدەدەم لە چەند خاڵدا کورتەی بۆچوونەکانم کۆبکەمەوە:**

یەک: دیدگاو تەعامولی هەر دەسەلات وکۆمەڵگایەک لەگەل بیانییەکان، پیوەری تیگەیشتن و ئاستی ئینسانیەتی ئەو کۆمەلگایانەمان بۆ دەردەکەوێنیت. کێشەی کەسانی بیانی جا چ پەنابەر بیت یان کریکاری کۆچکردوو لە ئەمڕۆی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، مۆرکێکی چینایەتی ودیاردەکی سیاسی و ئینسانی وەرگرتووە. خەبات بۆ بەدەستهینانی مافەکانیان، ئازادییەکانیان، ژیانیان ومافی هاوڵاتی بوونیان، لە خۆیدا هەلسوڕانیکی سیاسی چینایەتی و ئینسانیە و پەیوەندییەکی قووڵی بە ئاسۆی بەرپرسیارەتییەوە هەیە. پەیوەندییەکی قووڵی بە سیستەمی سیاسی و فکری و فەلسەفی هێزەچینایەتیەکانەوە هەیە.

دوو: لایەنە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی ئێستای عیراق، مانایەک و شایستەیەک بۆ پەنابەران دانانیێین، ناتوانن بەشداری پرۆسەیەی ئینسانیەتی کۆمەڵگا بن. پەنابەران ڕاستەوخۆ هەڵاتوی ئاکامی ئەو هەلومەرجەن کە لە پرۆسەی سیاسی عیراقدا هاتووتەوە ناوەوە. ئەم هیزانە کە لەسبەێنیدا بەپێێ هاوکێشە وقورساییەکانی نیوانیان و بەڕێککەوتن و شەڕەکانی نیوانیان حکومەت پێکدەهیننەوە، شەرعیەتی جاڕبۆدراوی دیموکراسی لەلایەن دەولەتانەوە پیدەدرێت. ئەم شەرعیەتە خۆی گەورەترین کابووسە بۆ پەنابەران کە سەراپای عیراق دەکاتە ناوچەی سەوزو گەڕاندنەوەی زۆرەملێی پەنابەران بەدوای 6 مانگ بۆ سالێک بە فراوانی وەک کۆسۆڤۆییەکان و سربەکان لەگەل حکومەتی نوێی عیراقدا و بەهاوکاری کۆمیسیاری بالای پەنابەریش دەستپێدەکات.

سێ: کارکردن بۆ بەدەستهینانی مافی پەنابەری و خەباتکردن لەدژی هۆکارەکانی ئاوارەیی وهەڵاتن،

دوو هەنگاوی هاوکات و هاوئامانجە. ئەو لیستەی کە دەیەوێت کۆمەڵگا لەسەر بنچینەی هاوڵاتی بوون و ئازادییەکان ومافەکانیان ڕیکبخات، ئەو هیزەی دەیەوێت ژیانی واقعی بگەڕینیتەوە بۆ کۆمەڵگا، خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و ئارامی دابینبکات، هەموو کەس ئازاد بیت لە کوێ بیەویت لەوێ بژییەت.دەستی تیرۆر کورتبکات، ناسنامەی نەخوزراوجوداساز کاڵ بکاتەوە لە ژان وهاواری هاوبەش و ناسنامەی هاوبەشەوە لە پرۆسەی سیاسی و سازماندانەوەی دەولەت و پەرلەمان بنواڕیت. یانی لە دژی هۆکارەکانی دیاردەی هەلاتنی بە کۆمەڵ و بەتاک بوەستیتەوە. وە لەهەمان کاتدا ماوەی 16 سالّە لە خەباتدایە بۆ بەدەستهینانی مافەکانی پەنابەران، لەتورکیا

**وپاکستانەوە بگرە تا سوریا وسعودیە، لە ئەمەریکاوکەنەدا وە بگرە تا ئەوروپاو ئوستراليا، لە هەمانکاتدا گرنگترین سەندی هەیە لە بواری مافەکانی پەنابەراندا، وە هەر ئیستا لە بەرەی پەنابەران بە قایمی وەستاوە لە دژی ڕیککەوتننامەکانی دیپۆرتی بەزۆری پەنابەران. پشتیوانی بکەین و بە پێی توانایی سیاسی و پروپاگەندەیی خۆمان هاوکاری تەواوی خۆمان نیشابدەین بە لیستی ئازادی یەکسانی. لیسستی ئازادی ویەکسانی کە لەئیستادا حزبی کۆمۆنیسیتی کریکاری عیراق ڕایگەیاندووە، فیدراسیۆن بانگەوازی پەنابەران و ڕیکخراوە مەدەنیەکان و لایەنە سیاسیەکان بکات دەنگبدەن بەلیستی ئازادی ویەکسانی. دەنگبدەن  بەڕیگەگرتن بەدیپۆرتکردنەوەی بەزۆری پەنابەران.**